

کورتە خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکی (گەمبۆڵ)

هەندرێن خۆشناو

بێ گومان چیرۆک و چیرۆک گێڕانەوە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، تا ڕادەیەک هونەرێکی، یان ژانرێکی دێرینە، بەڵام کورتە چیرۆک نووسین هونەرێکی نوێ و دانسقەیە، بەداخەوە ئەو چیرۆکنووسە خاوەن توانایی و سەلیقانە ژمارەیان کەمە، کە وات لێ بکەن تا دوایی چیرۆکەکەیان بخوێنیتەوە و لە سەرەتا، یان لە ناوەڕاستییەوە وازی لێ نەهێنیت. چیرۆکی باش و شێوازی سەرنجڕاکێش کەم بەدی دەکرێن. زۆرجار چیرۆکەکان وەک نووسینی دارشتنێکی سادە بەرجەستە دەبن، بۆیە زۆرێک لە چیرۆکەکان ئەو چێژ و تاقەتەت پێ نابەخشن کە تا کۆتایی بیانخوێنیتەوە.

مەبەستی ئێمە لێرەدا کورتە خوێندنەوەیەکە بۆ (گەمبۆڵ) کە چیرۆکێکە لە نووسینی نووسەر (کامەران خۆشناو) کە بریتییە لە کتێبێکی ٦٤ قەبارە ٢٢×١٥سم لاپەڕەیی. ساڵی ٢٠١٧ لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە، هەر لە دیتنی وێنەی سەر بەرگی کتێبەکە، خوێنەر دەچێتە نێو دەقی چیرۆکەکەوە، کە وێنەی سەگێکە بە پۆشاکی مرۆڤەوە، چیرۆکەکە لە نۆ دیمەن پێکدێت، ناوونیشانی دیمەنەکانیش پێوەندییان بە سەگەوە هەیە، وەک سەگمەرگی، سەگ حەسار، سەگوەڕ، سەرکەسەگ...تاد، هەرکە دەست بە خوێندنەوەی دەکەیت، وات لێ دەکات تا هەموو لاپەڕەکانی نەخوێنیتەوە وازی لێ نەهێنیت، ئەمەش جوانی و سەرنجڕاکێشی ستایلی نووسەرمان بۆ دەردەخات، لە دارشتنی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو چیرۆکەکە. ستایلێک کە دەچێتە خانەی فانتازیا و خەون و خەیاڵەوە. بەراورد و بەستنەوەی واقیع بە خەون و خەیاڵەوە، بەستنەوە و بەراوردی ژیانی مرۆڤێک، یان ڕاستتر بەرپرسێکی گەندەڵ بە ژیانی تاڵ و ناخۆشی ئاژەڵێکەوە کە سەگە. هەر ناوونیشانی چیرۆکەکە (گەمبۆڵ) دەچێتە خانەی فانتازیاوە.

* بە دیتنی وێنەی بەرگی چیرۆکەکە، کە سەگێکی ئوروستوکراتیانەیە بە پۆشاکی مرۆڤێکی هەبوو، یان خاوەن دەسەڵات، هەست دەکەیت کە چیرۆکەکە فانتازیایەکە لە

گـــیـــڕانەوەی ســـــەربوردەیەکی واقـیـعـیـانە. لە کـاتی خـوێندنەوەی ناوونیشانی دیمەنەکانی چیرۆکەکە، ئەو هەستەت لا قـوولـتـر دەبێتـەوە. پێم وایە نـووسەر کـە بە خـۆی وێنەی بەرگەکەی هەڵبژاردووە لەو لایەنەوە سەرکەوتووبووە.

* نـووســـــەر زۆر ئـازادانە و بە قـوولی و بابەتییانە چووەتە ناو ناخ و ڕوحی کـەســایەتیی بەرپرســـە گەندەڵەکـان و لە بەرانبەریشـدا ناو ناخ و ڕوحی کەسایەتیی سەگەکان، لە کـاتێکدا کـە گـرفـتی زۆر لە چیـرۆکـەکـان ئەوەیە کـە نـووسـەران ئازادانە ڕوحی کـــەســـایەتی و کـارەکـتـەرەکـان ناخـەنە بەر دیدی خـوێنەرانەوە، بەڵکو تەنیـا وەسـفی ڕووداو و کـەسـایەتیـیـەکـانمان بۆ دەکەن.

* لە خـــوێندنـەوەی چیـــرۆکی (گەمبۆڵ) خوێنەر هەست دەکات، کە چیرۆکەکە زادەی ژیانی نـووسەرە لە واقیعێکی تاڵی پڕ لە نەهامەتی و گەندەڵی (بە هەموو جۆرەکانییەوە) و نـایاســـایی و نـادادپەروەری و کـــــپـکردنی ئـازادی و زوڵـم و ستـەم...تاد، ئەم دەربڕینەیش وەک ئیلهامێک بۆ نووسەر لە ئاسمانەوە نایەتە خـــوارەوە، بەڵکو بەرهەمی عـەقڵـیـیـەتێکی مـەعریفـیـانەیە کـە بتـوانێت تاڵی ئەو واقـیـعی ژیانە، چۆن بە ســتـایلێکی فـانـتـازی و ئەدەبیـیـانە بخـاتە سـەر ڕووپەڕی کـاغـەزەوە و خـوێنەر لە دەوری خـۆی کۆبکاتەوە.

* چیرۆکەکە بە شێوەیەکی گشتی، ڕەخـنـەیـە، ڕەخـنـە بـەواتـا مـەعریفـیـیـەکەی، وەک کـایەیەکی ڕۆشنبـیـری، ڕەخنە لە هەمـوو ئەو دیاردە دزێو و نـاشـیـرینانەی کـە ســەرتاپای کـۆمـەڵـەکـەمـانی گرتووەتەوە، کە بە پلە یەک بەرپرس و سەرکردەکانی لێ بەرپرسیـار بن، دواییش هەلپـەرستی داوودەستەکان و نەزانیی بنکردەکان. ڕەخنەگرتن بە شـێـوازی بەراوردکـردن لە نێـوان کەسێکی گەندەڵکاری هەلپەرست و ســەگـــێکی برسی و بەرەڵلا، لە کۆتاییشدا سەگەکە دەیباتەوە، ژیانی ســەربەرزانەی خـۆی بە ژیانی ئەو مـرۆڤـە گـەندەڵکارە ناگـۆڕێتـەوە، سەرەڕای ئەو هەموو جیاکاری و ناز و نیـعـمـەتەی تێـیـدا دەژی، چونکە ئەو کـۆیلایەتیـیـەی تێـیـدا دەژی، ئاسوودەیی ناخ و دەروونی لێ زەوت کـــــردووە، خـــــەوی لە چاوانی ڕەواندووەتەوە.

* دەقی بـاش هـۆکـــــارێـکی بەرهەمهێنانی مەعریفەیە، دەرس و پەند و عـیـبـرەت وەرگـرتنە، کـە لەوانەیە تا مـاوەیەکی دوورودرێژ لە عـەقڵ و هزردا بمێنێتـەوە، لە زۆر لە کـــــۆڕ و کـــــۆبـوونەوە و بـاس و گـفـتـوگـۆکـاندا وەک نموونە ئەو دەقـە بهێنرێتەوە، لەو کاتەشدا ئەو دەقە دەچێـتـە خـانەی ئەفـراندنەوە، بۆیە دەتوانم بڵـێـم نووســەری چیـرۆکی (گەمبۆڵ) دەچێتە هەمان خانەوە.

* باوەڕم وایە هەر بەرهەمـــێکی سـەرکـەوتووی ئەدەبی، یان هونەری ئەرک و وەزیفـەیەکی جـددی هەیە، ئەویش گـــەیاندنی پەیامـــێکی ئاکارییانەیە (ئەخلاقی) بۆ خوێنەر، تێگەیشتنە لە ژیان و لە دواییشـدا تێگەیاندنی ژیانە بۆ نەوەکـانی تر، باسکردن و هەڵوێست وەرگـــرتنە لەسەر کێشە گەورە و بچووکەکانی مـــرۆڤـایەتی، هیچ بەرهەمـــێکی ئەدەبی، یان هونەری ســەرکـــەوتوو نابێت کە ڕووکەشیانە بێت و تەنیا وشە ڕێزکردن بێت و بەرهەمێک بێت تەنیـا بۆ زیادکـردنی بەرهەمـەکـانی نووســەر بێت، لەم چیـــرۆکـەشـــدا دەزانین کـە نـووسـەر سـەرکـەوتووانە هەوڵی داوە ئەو وەزیفـــــەیە بەجێ بگەیەنێت.

* دوای خـوێندنەوەی چیـرۆکـەکـە هەست بە تێـــڕوانینێکی قـــوولی ئەخـلاقیـانەی تێدا دەکـەیت، هەست دەکەیت کە کارەکـتەرە سەرەکییەکە کە سەگە، هاودەم و هاوپشتی ڕوحی مـرۆڤـە دڵسـۆزەکـانە، کـە گـەندەڵی ژیانی هەمـــووی تاڵ کـردوون، بۆیە هەست دەکەیت گوتارێکی فیکری و ئەخـلاقی لە چیـرۆکـەکـەدا هەیە، لە سەردەمی واقیعی ژیانی ئێستامان دانەبڕاوە، ئەمـەش ئەوە ناگـەیەنێت کە چیرۆکەکە لە فانتازیاوە دووربێ کـــە ســـتـــایلێکە لە گـــیـــڕانەوە چیرۆکەکانی واقیع.

* لە ڕووی زمـانیـشـەوە، هەست دەکـەیت کـە نـووسـەر هەوڵی داوە بە زمانێکی وا چیرۆکەکەی بنووسێتەوە کـە زۆربەیان لە زمـــانەکـــانی دیکە وەرگـــیـــرابن و لە ڕەســـەنایەتی و چەمک و وشـــە و دەســـتـــەواژە کوردییەکان دووربن.

* لە ڕووی کـــــەســـــایەتی و کـارەکـتەرەکانی ناو چیرۆکەکەشەوە،

دابەشبوون بەسەر دوو پاڵەوان، یان کارەکتەری سەرەکی، کارەکتەرێکی ئەرێنی کە سەگەکەیە و کارەکتەرێکی نەرێنی کە بەرپرسێکی گەندەڵ و هەلپەرستە، نووسەریش بە ئاشکرا بە لایەنگیری کارەکتەرە ئەرێنییەکە دەردەکەوێت، هەروەها نووسەر لە هەڵبژاردنی بابەتی چیرۆکەکەی بە سەرکەوتوو دادەنرێت، چونکە گەندەڵی کێشە و تەنگژەیەکی مەترسیداری ئێستا و دواڕۆژی کۆمەڵەکەمانە.

* چیرۆکەکە بەبێ پێشەکی بە ڕستەیەک دەست پێ دەکات (چەند ناخۆشە کە سەگێکی گرۆڵی بەرەڵڵا بیت) و لە کۆتاییشدا بە ڕستەیەک کۆتایی پێ دێنێت (چەندە ناخۆشە کە مرۆڤێکی بە ویژدان بیت)، سەرەتا و کۆتایی چیرۆکەکە وا لە خوێنەر دەکەن، پەرۆشییەک و تامەزرۆییەک دایبگرێت، ئەدی دەبێت چی خۆش بێت؟ سەگ بوون ناخۆشە و مرۆڤ بوونی بە ویژدان هەر ناخۆشە؟ ئەمە وا لە خوێنەر دەکات بۆ زانینی وەڵامی پرسیارەکانی زوو بچێتە ناو دەقەکەوە.

* باوەڕم وایە کە زمان بنەمایەکی سەرەکی سەرکەوتوویی دەق و نووسینە، هەم لە ڕووی ڕێزمانەوە و هەم لە ڕووی دەربڕینەوە، دەربڕین لە چوارچێوەی فۆرمی زماندا، هەرچەندە مانا و پەیامەکەی بەهێزبێت، ناتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبێت، ئەگەر بە زمانێک و ڕێزمانێکی ڕاست و ڕەوان نەنووسرێت. ڕاستە نووسەر ئازادە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنیک لە نووسیندا، بەڵام بەبێ بایەخ نەدان بە بنەماکانی ڕێزمان و ڕەوانبێژی، هەتا نووسینەکە پتر لێی تێ بگەین و پتر تام و چێژیشی لێ وەرگیرێت، هیوادارم نووسەر لە هەنگاوەکانی داهاتوویدا زیاتر بایەخ بەم لایەنە بدات تا داهێنانەکانی لە ڕووی زمانیشەوە شان بە شانی ناوەرۆکی چیرۆکەکانی بن.

* لە کۆتایی چیرۆکەکەشدا عەقڵانیەت خۆی دەسەپێنێت و سەگەکە بە هیچ شێوەیەک بە شوێنی بەرپرسە گەندەڵەکە ڕازی نابێت و ئاواتەخوازی واقیع و ژیانی خۆیەتی، بە هەموو تاڵی و ناخۆشی و برسیەتی و نەخۆشییەوە، تەنیا و تەنیا ویژدان و ناخ ئاسوودەیی و خەوێکی بێ خەوشی مەبەستە، ئەوەی زیاتری دەوێت لەهەموو سەرمایە و پلەوپایەکی دنیایی کە لە ڕێی گەندەڵی و نۆکەری و چاوشۆڕی بە دەستی بکەوێت، ئەمەش زۆر گرنگە کە بە کۆتاییەکی کرچوکاڵ چیرۆکەکەی تەواو نەکردووە، کە ببێتە مایەی بێزاری خوێنەر، بەتایبەتی خوێنەری جددی.